قوتابخانەیەکی جووکان لە کەندا درایە بەر دەستێژی گوللە

لە کەندا بە دەسێژی گوللە هەرشکرایە سەر قوتابخانەیەکی تایبەت بە جووکان. بەگوێرەی پۆلیس ئەمە دووەمجارە هەرش دەکرێتە سەر قوتابخانەیەکی جووکان لە کەندا و دەستێژی گوللەی لێدکرێت، پۆلیس دەڵێت "هیچ زیانێکی گیانیی نەبووە".

ئەمە یەکشەممە، پۆلیسی شاری مۆنتریاڵ لە کەندا رایگەیاند کە قوتابخانەیەکی تایبەت بە قوتابییانی جوو دراوەتە بەر دەستێژی گوللە و زیانی گیانی نەبووە.

لەکاتی رووداوەکە هیچ قوتابییەک لەنێو قوتابخانەی یاشیڤا گیدەلا نەبووە بەیە تائێستا هیچ زیانێکی گیانی نییە، ئەمە دووەمجارە ئەم قوتابخانەیە دەستدرێژیی دەکرێتە سەر."

بەگوێرەی پۆلیس، بەشی پێشوەی قوتابخانەکە شوێنی گوللەی پێوەیە و چەندین قوانیش لەسەر زەوی دەزراونەتەوە.

جەستن تردە، سەرکۆزیرانی کەندا و فرانشوا گیلە، سەرکۆزیرانی کەرتی کیوبیکی فەرەنسی لە راگەیەندراوەکدا سەرکەنەی هەرشەکەیان کرد.